## پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی ئامادە نیە بیانگەیەنێتە نەخۆشخانە

# پەیامنێرمان و (٥) بەندکراوە مانگرتووەکەی تر باری تەندروستیان لە مەترسیدایە..!



(تاهیر تۆفیق) پەیامنێری گەرمیانی هەفتەنامەکەمان لەیەکەم ڕۆژی مانگرتنیدا لە بەندیخانەی کانی گۆمە لە سلێمانی .

دوای ئەوەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٦/٨/١٧ (تاهیر تۆفیق) پەیامنێری (گەرمیان)ی هەفتەنامەکەمان لەگەڵ (٥) لە بەندکراوە مانگرتووەکانی بەندیخانەی (کانی گۆمە) ی شاری سلێمانی بۆ بەندیخانەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی گواستراونەوە ، ئێستا بەهۆی بەردەوامی مانگرتنیان لە خواردن باری تەندروستیان ڕووەو خراپی دەڕوات و ئیدارەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەش بە هیچ شێوەیەك ئامادەنیە ، بەمەبەستی چاودێری کردنیان لەلایەن پزیشکەوە بیانگەیەنێتە نەخۆشخانە! تەنانەت هەر شەش بەندکراوەکە چەند جارێك ئیدارەی بەندیخانەی ناوبراویان ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام داواکەیان فەرامۆش کردوون.

ئێمە لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەوە بڵێن ، کە مانگرتن وەك پرۆسەیەکی مەدەنی و دیموکراسیانە ڕوخسارێکی جوان و شایستە دەبەخشێتە کۆمەڵگا، نەریتێکی هاوچەرخ و مۆدێرنیشە بۆ خستنە ڕووی داواکاری ماف و تەنانەت دەربڕینی بێزاری و ناڕەزاییش، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو پرۆسە تازە پێگەیشتوو مەدەنیە کە هێشتا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە بەرفراوانی بەدی ناکرێت، وا خەریکە لەبار دەچێ و بەرەو ناشیرینی دەبرێت..!

لێرەشدا ئەو جۆرە مامەڵەکردنەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی لە بەرامبەر پەیامنێرمان و هەر پێنج بەندکراوە مانگرتووەکەی تر ، بە حاڵەتێکی نا تەندروست و خەتەرناك لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و مەدەنی و بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دەزانین و، بە پێویستیشی دەزانین هەموو لایەك، بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا لەو پێشێلکاری و مامەڵە نامرۆییانە ئاگادار بکەینەوە و، داوایان لێ بکەین بەهەموولایەك ناوەندێکی فشار دروست بکرێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو جۆرە مامەڵەکردنانەو ، هەرچی زووە پەیامنێرمان و بەندکراوە مانگرتووەکانی تر لە مەترسی باری تەندروستی ڕزگار بکرێن .

لەگەڵ ڕێزماندا..

وێنەیەك بۆ/

*سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

*سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

* سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

* وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

* ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان

*لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان

* سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن

شەقام

دەستەی بەڕێوەبردن

٢٠٠٦/٨/١٩